Australian Government
Department of Immigration and Border Protection

# ئاسانکاری بۆ بەکارهێنانی بریکارە تۆمارکراوەکانی کۆچبەریی

## OMARA چییە؟

OMARA، نوسینگەی فەرمانگەی تۆمارکردنی بریکارەکانی کۆچبەریی (Office of the Migration Agents Registration Authority) بەشێکە لە وەزارەتی کۆچبەریی، واتە DIBP وەزارەتی کۆچبەرییو پاراستنی سنورەکان (Department of Immigration and Border Protection).
OMARA ئەو دەزگا ڕێکخەرەیە کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە تەنیا ئەو کەسانەی کە پڕپەپێستی کارەکەن ڕێگەیانپێبدرێت وەک بریکاری تۆمارکراوی کۆچبەریی کاربکەنو لێکۆڵینەوەش لەو سکاڵایانە دەکات کە لە دژی بریکارەکان پێشکەشدەکرێن.

## هەڵبژاردنی بریکاری کۆچبەریی

- هەموو بریکارێکی تۆمارکراوی کۆچبەریی ژمارەیەکی بریکاریی تۆمارکراوی کۆچبەریی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە MARN، ژمارەی بریکاریی تۆمارکراوی کۆچبەریی *(Migration Agents Registration Number)*.
- تۆ دەتوانی بزانیت داخۆ کەسەکە بریکارێکی تۆمارکراوە یان نا، ئەویش بەگەڕان لە MARN ـەکەی لە ماڵپەڕی OMARA.
- **هیچ کەسێک ناتوانێت گەرانتی ئەوە بکات کە تۆ ڤیزە وەردەگریت تەنانەت ئەگەر کەسەکە بریکارێکی تۆمارکراوی کۆچبەریش بوو.**
- مەگەر ڕێگەپێدرابێت، دەنا کارێکی نایاساییە کە هەر کەسێک ڕاوێژی کۆچبەریی لە ئوستراليا پێشکەش بکات ئەگەر هاتو ناوی لە OMARA تۆمارنەکرابێت. لیستی ئەو کەسانەی کە ڕێگەیانپێدراوە لەسەر فۆرمی 956 دەستدەکەوێت.

## ئاسانکاریی و سەرەداوەکان کاتێک کە بریکارێکی کۆچبەریی بەکاردێنیت

### بریکارەکەت دەبێت:

- *کۆپییەکی ڕێنماییەکانی بەکاربەر (Consumer Guide)* ت بداتێ هەر لەوکاتەی کە ڕەزامەندیت پێدا لەسەر کارکردن بۆ تۆ. تۆ دەتوانی کۆپییەکە لە ماڵپەڕی OMARA بەدەستبهێنیت.
- *بەیانێکی خزمەتگوزارییەکان (Statement of Services)* ت بداتێ کە لیستی هەموو ئەو خزمەتانە لەخۆبگرێت کە پێشکەشی بە تۆ دەکات لەگەڵ تێچوەکان پێشئەوەی تۆ پارەی پێبدەیت.
- لەماوەی حەفت ڕۆژدا دۆکیومێنتەکان بگێڕێتەوە بۆ تۆ لەوکاتەی کە تۆ داوایاندەکەیتەوە.
- تۆماری هەموو ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ تۆ کردویەتی لە پەیوەند بە داخوازییەکەتو ئەوانەش لەگەڵ DIBP کراون لای خۆی هەڵگرێت.

### تۆ، دەبێت:

- دۆکیومێنتە ئەسڵییەکان، وەک پاسپۆرتو بڕوانامەی لەدایکبوون، لای خۆت هەڵبگریت. زۆربەی ئەو دۆکیومێنتانەی کە DIBP پێویستی پێیاندەبێتو تۆ دەیاندەیتێ دەبێت کۆپی پشتڕاستکراو (certified copies).

- بەنوسین پشتڕاستی هەموو گفتوگۆو ڕێوشوێنەکان لەگەڵ بریکارەکەت بکەیت. ئەتۆ بەخۆت بەرپرسی لەو زانیارییانەی کە دەیدەیت بە DIBP – تەنانەت ئەگەر هاتو بەخۆشت فۆرمەکانت پڕنەکردبۆوە.
- ئەوە بزانیت کە خزمەتگوزارییەکان وەک بەشێک وان لەو پارەیەی کە بریکارەکە لێتوەردەگرێت. لیستی تێچوە مەزەندەکراوەکانی بریکارەکان لەسەر ماڵپەڕەکەی OMARA دەستدەکەون.

## نیگەرانییەکانت لەسەر بریکارەکەی کۆچبەرییت

- ئەگەر پێویستیت بە ڕاوێژو یارمەتی هەیە ئەوە پەیوەندی بکە بە OMARA.
- **پێشکەشکردنی سکاڵا کاریگەریی لەسەر داخوازییەکەت بۆ ڤیزە نییە.**
- ئەو کەسانەی کە تۆمارنەکراونو یارمەتی خەڵک دەدەن لە پەیوەند بە کۆچبەرییەوە دەبێت وەزارەتی کۆچبەرییان لێئاگاداربکرێتەوە بە پەیوەندیکردن بەم ژمارەیە 1800 009 623.
- ئەگەر تۆ ناتەوێت چیدیکە بریکارەکەی کۆچبەرییت بەکاربێنیت، ئەوە ئاگاداری DIBP بکەوە بە پڕکردنەوەی بەشی B و C لە فۆرمی 956.

## بۆ زانینی ئەوەی داخۆ کەسەکە ناوی لە لیستی تۆمارکراوندا هەیە لە www.mara.gov.au




## زانیاری زیاتر

Office of the Migration Agents Registration Authority:
www.mara.gov.au یان
تەلەفۆن: 1300 226 272

Department of Immigration and Border Protection:
www.border.gov.au یان
تەلەفۆن 131 881

بۆ قسەکردن لەگەڵ موتەرجیم تەلەفۆن بکە بۆ خزمەتگوزاری تەرجومە (TIS) لەسەر ئەم ژمارەیە 131 450.